# وەک هاوڵاتییەکی باشووری عیراقیش کە ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بووم ئەوەم زۆر بەلاوە گرنگە کە ببینم هەموو ئەنفالچییەکان بەسزای رەوای خۆیان بگەن

## یوسف ئەبو فەواز نوسەرو روناکبیری عێراقی بۆ ئالآی ئازادی



**یوسف ئەبو فەواز نوسەرێکی عیراقی دانیشتوی فیللەندایەو ساڵانێکی لە رێزی پێشمەرگەی کردستاندا خەباتی کردووە، لەم دیدارەدا دەربارەی ئەنفال بۆ ئالآی ئازادی دەدوێت.**

---

**ئالآی ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

یوسف ئەبولفەواز- سەرەتا ناکرێ کەس نکۆڵی لەوە بکات کە تاوانی ئەنفال یەکێکە لەقێزەونترین تاوانەکانی سەردەمی نوێ کە رژێمێکی سیاسی دژی هاوڵاتیانی خۆی ئەنجامی دابێت، لەکاتێکدا ئەرکی سەرشانی ئەوەیە پارێزگاری لەو هاوڵاتیانە بکات. بێجگە لەوەش تاوانەکە تاوانێکی جینۆسایدی بەرفراوانە کە یاسا نێودەوڵەتییەکان لێی دەپێچنەوە، لەلایەن رژێمێکی دکتاتۆریی فاشیستەوە ئەنجامدراوە کە هەردەم کاری بەدروشمی نەتەوەپەرستانەی دیماگۆکییەوە کردوە، ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەو رژێمەش لەقەفەزی دادگادا کارێکی زۆر عادیلانەیە.

بەش بەحاڵی خۆم زۆر جار لەبارەی بایەخ و گرنگی دادگا بۆ تۆمەتبارانی تاوانەکانی ئەنفال شتم نووسیوە، لایەنگری ئەوەش بوومە کە دانیشتنەکانی دادگا درێژە بکێشن، ئەوەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە: بۆ ئەوەی بینەری عیراقی و هەروەها بینەری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و سەرلەبەری جیهان تێر بێت لەزانیاریی لەبارەی وردەکارییەکانی بابەتی ئەنفال، کە رەنگە ئەوە وای لێ بکات بەدوای راستییەکاندا بگەرێت، کە یەکێک لەراستییەکان تایبەتە بەبوون و بەمافە مێژووییەکانی گەلی کورد، هەروەها لەمیانەی دانیشتنەکانی دادگادا بەرپرسیارێتیی رژێمی دکتاتۆری شۆڤێنیست و راستیی سیمبوڵەکانی ئەو رژێمە ئاشکرا دەبێت، بەتایبەت کە رەمزەکانی ئەو رژێمە هەردەم خولیای کامێراو چەنەبازی بوون، هەر لەوێشەوە ناتەواویی ئاستیی رۆشنبیری و فیکرییان ئاشکرا ببێت، دەتوانین لەمیانەی ئەو دادگایەوە گوێمان لەزۆر وردەکاریی تر ببێت کە دەبنە کەرەستەیەکی باش بەدەستی ئەندامانی دەستەی دادگاوە، بگرە بەدەست لێکۆڵەرەوە مەوزووعیەکانەوە بۆ دووبارە نووسینەوەی رووداوەکان، لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا، تەنها دانیشتنی تۆمەتبارەکان لەناو قەفەزی دادگاداو بانگکردنیان لەلایەن قازییەوە زوو زوو بەوشەی (تۆمەتبار) بەسە بۆ ریسواکردنیان و شکاندنی ئەو خۆبەزلزانینە بۆشەی ئەو تاوانبارانە هەیانبووەو کە بەهۆیەوە خەڵکی عیراق و رۆڵەکانی گەلی کوردیان تووشی مردن و نارەحەتی کربوو.

**ئالآی ئازادی : دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێن و دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

یوسف ئەبو فەواز :- تاوانێکی قێزەونی بەقەبارەی تاوانی ئەنفال، لەوەدا نیە سزای تاوانکارەکانی بەمردن لەسێدارەدان لەناوبچێت، لێرەدا بەبۆچوونی من رۆڵی گەورەی پیاوانی رۆژنامەگەری و رۆشنبیران و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە کە هەموویان پشتیوانی گەلی کوردن لەبەدواداچوونی ئەو پرسەو فێربوون لێوەی، تەنانەت هەتا دەگاتە سازدانی دادگای وێنەیی ئەگەر بەئامادەنەبوونی تۆمەتبارەکان خۆشیان بێت بەمەبەستی سەلماندنی تاوانەکەو ئاشکراکردنی قەبارەکەی. پێویستە زیاتر لەوەی دادگا ئاراستەی چەند کەسێک بکرێت، ئاراستەی رژێمێکی دەسەڵاتی دکتاتۆری و مەنزوومەیەکی فیکری شۆڤێنیست بکرێت کە سیاسەتی جینۆساید لەسایەیدا پەیرەوکراوە، بەوەش ئیدی گرنگ نیە کێیە ئەو کەسەی لەقەفەزی دادگادا دانیشتوە، هەر بەوەش دەتوانین شتێک لەمافەکانی گەلی کوردو لەمافەکانی قوربانیان بپارێزین.

**ئالآی ئازادی : دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاسایی و پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

یوسف ئەبو فەواز: - پێموایە یەکێک لەلایەنە باشەکانی دادگای ئەنفال ئەوەیە کە هۆشیارییەکی گشتی خوڵقاندوە لای خەڵک بەهەبوونی گەلی کوردو مافەکانی ئەو گەلە، لێرەشدا نەک تەنها یاسای نێودەوڵەتی، بەڵکو گەشەی یاسایی و مەعریفیش لەسەر ئاستی جیهان و تموحاتی سیاسیی ئەو وڵاتانەی ژمارەیەک لەرۆڵەکانی گەلی کورد دەکەونە نێوانی سنوورەکانیانەوە ، هەموو ئەوانە وەها دەکەن رژێمە سیاسییەکان بەر لەوەی هەر کارەساتێک بەسەر رۆڵەکانی گەلی کوردا بهێنن لەهەزار سەرەوە بیری لێبکەنەوە. بڕوا ناکەم ئەگەری ئەوە هەبێت ئەزموونێکی تری وەک ئەنفال جارێکی تر لەسەر رۆڵەکانی گەلی کوردا تێپەڕ ببێت لەهیچ بەشێکی کوردستاندا، ئەگەرچی سیاسەتەکانی جیاکاریی نەتەوەیی و چەوسانەوەی چینایەتیش بەردەوام بێت. ئەرکی سەرشانی رۆڵەکانی گەلی کوردیش ئەوەیە ئاستی خەبات و تێکۆشانی خۆیان پەرەپێ بدەن و ریزەکانی خۆیان یەک بخەن لەرێی دامەزراوەی مۆدێرنەوە کە لەگەڵ بارودۆخی نوێی جیهاندا بگونجێت، ئەو بارودۆخەی بەگوڕەوە پشتگیری لەمافەکانی گەلی کورد دەکات لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا. مافەکانی گەلی کوردیش وەک دیارییەک لەلایەن رژێمەکان و سیاسەتمەدارانەوە نابەخشرێت، بەڵکو دەبێت لەرێی خەباتی نەپساوەوە دەستەبەر بکرێت.

**ئالآی ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرس و کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

یوسف ئەبو فەواز: - من ئاواتەخوازم و چاوەڕێی ئەوەش دەکەم حوکمی توند بەسەر هەموو ئەوانەدا بسەپێنرێت کە بەشدارییان لەتاوانی ئەنفالدا کردوە، چ ئەوانەی ئێستا لەبەردەم دادگادان یان خەڵکانی تریش، بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ هەر تاوانکارێکی شۆڤێنیست، هەروەها لەبەرئەوەش کە من ئەو حوکمانە وەها سەیر دەکەم کە ئاراستەی مەنزوومەیەکی فیکریی شۆڤێنیستی دەکرێنەوە کە شایستەی ئەوە نیە بەزەییمان بەخۆی و بیروباوەڕەکانیدا بێتەوە. بەڵکو پێویستە قەدەغەبکرێت و رێی هەر چالاکییەکی تری ئایندەیی لێ بگیرێت. لەهەمان کاتدا ئاواتەخوازبووم و زۆر جاریش ئەوەم نووسیوە کە قەفەزی دادگا گەورەتر بوایەو هەموو ئەو تاوانکارانەی تری بگرتایەتەوە کە هێشتا لەدەرەوەی دادگا بەئازادی دەسووڕێنەوە، هەموو ئەوانەش کە دەستیان لەجبەجێکردنی ئەو تاوانە قێزەونەدا هەبوە، بەتایبەتیش سەرۆک جاشەکان و ئەوانەی ناویان لێ نرابوو مستەشار کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بەئەنجامدانی تاوانەکەوە هەیە.

تاوانی ئەنفال لەلایەن نەتەوەیەکەوە دژی نەتەوەیەکی تر ئەنجام نەدراوە، تاوانەکە لەلایەن رژێمێکی دکتاتۆریی شۆڤێنیستی دیماگۆکەوە ئەنجامدراوە کە جەللادو بکوژی لەهەموو نەتەوەکان لەخۆیدا کۆکردبۆیەوە، لەنێویشیاندا بەداخەوە رۆڵەکانی گەلی کورد خۆی، وەک هاوڵاتییەکی عیراقیی باشووری عیراقیش کە ساڵانێکی زۆر لەریزی پێشمەرگەی کوردستاندا دژی رژێمی دکتاتۆری جەنگاوم، ئەوەم زۆر بەلاوە گرنگە کە ببینم هەموو ئەو تاوانبارانەی دەستیان لەتاوانی ئەنفالدا هەبوە بەسزای رەوای خۆیان بگەن.

**ئالآی ئازادی: - دوا وتەت؟**

یوسف ئەبو فەواز: - بەش بەحاڵی خۆم بڕوام بەمافی هەموو گەلان هەیە لەدیاریکردنی چارەنووسیان، بڕوای تەواویشم بەوە هەیە کە گەلی کورد خاوەنی کۆمەڵێک مافی مێژوویی خۆیەتی کە هەر دەبێت پێیان شاد ببێت، شەرەفی ئەوەشم پێ بەخشراوە بۆ چەند ساڵێکی زۆر لەریزەکانی پێشمەرگەدا بجەنگێم، ئیدی وابەستەییم بۆ ئەو گەلە بەخوێن و بەخەبات تەعمید دراوە، زۆریش لەنووسینەکانم پەیوەندییان بەکەلتوورو خەبات و خۆزگەکانی ئەو گەلەوە هەیە، ئومێدم وایە کوردستان بۆ هەتا هەتایە ئازاد بژی، گەلەکەشی بەبەختەوەری و ئاشتی شاد ببێت و سوپاس.

---

# " لەروی یاساییەوە ئەو کوردانەی بەشداری ئەنفالیان کردووە لێبوردن نایانگرێتەوە"

## دکتۆر مونزر فەزڵ بۆ ئالآی ئازادی



**دکتۆر مونزر فەزڵ یاساناس و سیاسیەکی گرنگی عێراقیەو یەک لەو کەسایەتیە عێراقیانە کە ساڵانێکە سەرسەختانە داکۆکی لە دۆزی کورد دەکات و یەکێک لەو عەرەبانەشە کە بەهۆی پشتیوانی لە دۆزی کورد، لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بوو بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق.**

**ئالآی ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

مونزیر ئەلفەزل:- لەرووی یاساییەوە، رەوتی دادگاکە لەسەرەتاوەو هەتا ئێستاش بەشێوەیەکی دروست بەرێوە دەچێت و پێودانگە یاساییە نێودەوڵەتییەکان تیایدا رەچاو کراوە، هەموو دەرفەت و گرەنتییەکیش بۆ تۆمەتباران رەخساوە کە بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام دوو تێبینیی یاساییم هەیە سەبارەت بەدۆسیێ دادگای ئەنفال، ئەوانیش: یەکەم/ هێشتا دەیان تۆمەتبار هەن لەبەرپرسانی عەرەبی ژێر سایەی رژێمەکەی سەدام حسێن کە پێویستە بدرێنە دادگا لەپای ئەو تاوانانەی لەچوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالدا ئەنجامیانداوە، وەک وەفیق ئەلسامەررائی و نزار ئەلخەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی پێشووی سوپای عیراق کە ئێستا نیشتەجێی ئیماراتەو لەلایەن ئینتەرپۆڵەوە داواکراوە، بێ لە گەورە ئەفسەرانی سوپاو ئەمن و ئیسخبارات و گەورە بەرپرسانی حزبی بەعس. دووهەم/ دەیان ناوی کوردیش هەن کە تاوانیان ئەنجامداوەو بەشدارییان کردوە لەتاوانەکانی ئەنفالداو لەرووی یاساییەوە ناکرێ لێبوردن بیانگرێتەوە، بەڵکو دەبێت بدرێنە دادگا. لەلایەکی ترەوە پێویستە هەموو زیانلێکەوتوویەکی کورد لەسەر بودجەی مەرکەزیی دەوڵەتی فیدراڵیی قەرەبوو بکرێتەوە بەپێی ماددەی ٢١٩ی یاسای مەدەنیی عیراقی، هەروەها قەرەبووی ئەوانەش بکرێتەوە کە بەهۆی مینەکانی کوردستانەوە زیانیان لێکەوتوە بەگوێرەی ماددەی ٢٣١ی یاسای مەدەنیی عیراقی، چونکە ناکرێت سزای تاوانباران بدرێت و قوربانییەکان بەبێ قەرەبووکردنەوە واز لێ بهێنرێن.

**ئالآی ئازادی : دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێن و دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

دکتۆر مونزر فەزل :- نەخێر، چونکە پرسی ئەنفال پرسێکی هەستیارو گەورەیەو سەدام یەکێکە لە تاوانبارەکانی، بەڵام دەیان ناوی تر هەن کە ئومێدەوارین ئەوانیش دادگایی بکرێن، ئومێدیشمان وابوو پرسی ئەنفال یان پرسی هەڵەبجە یەکەمین کێشە بوونایە بخرانایەتە بەردەم دادگای تاوانەکانی عیراق.

**ئالآی ئازادی : دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاسایی و پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

دکتۆر مونزر فەزڵ:- بەڵێ، ئەم دادگایە دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم هەر کەسێکی تردا کە بیەوێت تاوان دژی کورد یان دژی هەر گرووپێکی تر ئەنجا بدات، ئەم دادگایە پێشەکییەکی گرنگەو پێموانییە هەرگیز جارێکی تر تاوانی لەو جۆرە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجام بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک تاوان هەن دژی مافەکانی گەلی کورد لەکوردستانی باکوورو کوردستانی سوریا ئەنجام دەدرێن و مەحاڵە ئەو پێشێلکارییانەش هەتا سەر بەردەوام بن، چونکە سەردەم گۆڕاوەو خودی کوردەکانیش ئەمڕۆ بەهۆی یەکماڵیی خۆیانەوە لەهەر کاتێکی تر بەهێزترن.

**ئالآی ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرس و کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

دکتۆر مونزر فەزڵ:- دادپەروەریی کامڵ و دروست نابێت ئەگەر لێپێچینەوە نەکرێت لەگەڵ تۆمەتبارانی تردا، واتە ئەوانەی دەستیان هەیە لەتاوانەکانی ئەنفالدا، ناکرێ لەدادگاییکردنی تەنها شەش تۆمەتبار واز لەو پرسە بهێنرێت، گەلێک خەڵکی تر هەن لەکوردو لەعەرەب کە دەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و پێموایە ئەوانیش سزای خۆیان وەردەگرن لەپای تاوانەکانیان.